# گروپی ناتوندوتیژی

گروپێک لە تاکو ڕێکخراوەکانی عێراق دەگرێتەخۆ کە جیاوازن لە فیکرو سیاسەتداو، وێکچوون و ڕێکەوتوون کە ڕێبازی ((ناتوندوتیژی)) بە تاکە ڕێگای تێکۆشان هەڵبژێرن لەپێناوی بونیادنانی عێراقێکی سەربەخۆو دیموکراسیو ئاشتیخواز، بەهێزو ئاوەدان. ئەم گروپە قەوارەیەکی سیاسی نیە، یان هیچ جۆرە ڕێکخراوێک نیە، بەڵکو گردبوونەوەیەکە هەموو عێراقییەک بەبێ گوێدانە ئینتیمای نەتەوەییو تایفیو مەزهەبیو، بڕوای بە ڕەتکردنەوەی توندوتیژی هەیە دەتوانێت تیایدا بەشداربێت.

ئەم گروپە بڕوای بە ڕەهەندی مرۆیی هەیە لە تێکۆشانی ((ناتوندوتیژی))داو، هاوکارو پشتگیر دەبێت لەگەڵ هەموو تێکۆشەرانی ناتوندوتیژی لە جیهاندا لەپێناوی دۆزە ڕەواکانیاندا، شەڕو داگیرکاریش وەکو ڕێگەچارەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ ڕەتدەکاتەوەو کار دەکات لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئاشتیو دیالۆگ وەکو جێگرەوەیەک بۆ شەڕو داگیرکاری.

گروپی ناتوندوتیژی هەوڵدەدات بۆ یادکردنەوەو وەبیرهێنانەوەی بەردەوامی کەلتووری ناتوندوتیژی گەلان بە نەتەوەو تایفە جیاجیاکانەوە، بەتایبەتی سەرنجڕاکێشان بۆ کەلتووری ناتوندوتیژی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستو جیهانی ئیسلامیدا.

**((دامەزراندن))**

گروپی ((ناتوندوتیژی)) لە عێراق لە سەرەتای نیسانی ساڵی 2006ی زایینی لە ئەنجامی وۆرک شۆپێک کە لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی 2006 لە وڵاتی ئوردن ئەنجامدرا، دامەزرا.

سەنتەری مەسەللە بۆ پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە دامەزراندنی ئەم گروپە لە عێراقو بانگهێشتکردنی بۆئەوەی ((ناتوندوتیژی)) ببێتە تاکە ئامراز بۆ تێکۆشان لەپێناوی واقیعێکی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری کە لەسەر بنەمای دیموکراسیو دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ بونیادنرابێتو، کۆمەڵگای مەدەنی بە هەموو دامەزراوەکانییەوە لە تاکو گروپەکان لە گرنگترین ئامرازەکانی گۆڕانو گەشەپێدانبن لە عێراقی نوێدا.

**((دیدگا))**

گروپی ناتوندوتیژی هەوڵدەدات کە داکۆکیکەری یەکەم بێت لە عێراقدا لە مافەکانی هاوڵاتیان بە ڕێگای ئامرازی ((ناتوندوتیژی)) لەپێناوی نەهێشتنی ستەمو ژیانێکی باشتر.

**((پەیام))**

گروپی ناتوندوتیژی کاردەکات بۆئەوەی ئامرازەکانی تێکۆشانی ناتوندوتیژی ناسراوو بەردەست بێت بۆ هەمووان وەک جێگرەوەیەک بۆ شەڕو توندوتیژی لە عێراق بەتایبەتیو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی.

**((ئامرازەکان))**

گروپی ناتوندوتیژی هەوڵدەدات ئامانجەکانی بەم ڕێگایانە وەدی بهێنێت:

1- بڵاوكراوەیەكی وەرزی لەسەر تۆڕی ئینتەرنیت كە ((گروپی ناتوندوتیژی)) دەری دەكردو، پاشان پەرەیسەند بۆ ماڵپەڕێكی ئەلیكترۆنی بەهەر سێ زمانی (عەرەبی، كوردی، ئینگلیزی).

2- جێبەجێكردنی چالاكی ساڵانە بۆ ناساندنی تێكۆشانی ((ناتوندوتیژی))و بڵاوكردنەوەی رۆشنبیریی ئاشتیو دیالۆگ لەنێوان سەرجەم پێكهاتەكانی عێراق.

3- ئەنجامدانی وۆرك شۆپی راهێنان لەبارەی چارەكردنی ململانێكانو ناتوندوتیژییو پلانی ستراتیژی لەبارەی تێكۆشانی ئاشتییانەوە.

4- جێبەجێكردنی ئەو پڕۆژانەی كە سوومەند دەبێت بۆ توێژە زەرەرمەندەكانو، هەموو ئەو پڕۆژانەی كە تۆی گەشبینیو خۆشەویستی لە دڵی قوربانیانی توندوتیژییو ململانێكان، دەچێنێت.

5- وەرگێڕانو چاپكردنی توێژینەوەو دیراسات كە دەبێتە هۆی بڵاوكردنەوەی فیكری ناتوندوتیژی.

6- هەر چالاكییەكی دیكە كە گروپەكە بەگونجاوی بزانێت لە چوارچێوەی یاساكانی ناوخۆو مافی مرۆڤو پڕەنسیپە بنچینەییەكانی گروپ.